# دەنگ مەدەن بەكۆیلەكردنی خۆتان دەنگ بدەن بەریفراندۆم و سەربەخۆی كوردستان.

سەوسەن سەلیم
sawsan.s@ukonline.co.uk



هەلبژاردنەكانی عیراق بەریوەیە و هەردوو حیزبی دەسەلاتداری كوردستانیش لەگەرمەی پروپاگەندەكردن و پەلكیشی خەلكی كوردستانن بۆنیو سیناریۆیەك كەلەم هەلبژاردنە دەكەویتەوە، سیناریۆیەك كەنەك هەر هیچ دەستكەوتیكی بۆخەلكی كوردستان تیدانی‌یە، بەلكو ئەوان بەرەو داهاتوویەك دەگیریتەوە كەسەركوت و بیمافی و پلەدوویی و ئیعدام و كوشتارو ئەنفال و كیمیاباران و دەیان دەردوبەلای تر گۆشەیەكن لەئەنجامە ئەكیدەكانی. هەمووان دەزانین، كەئەوە چواردەساله خەلكی كوردستان له چارەنوسیكی نادیياردا راگیراوە, و ئەحزابی دەسەلاتداری ناسیۆنالیستی كوردی وەك یەكیتی نیشتمانی وپارتی دیموكراتی كوردستان، له ژێر بروبیانوی جۆراوجۆردا خۆلدەكەنە چاوی خەلكی كوردستان و چاواشەیان دەكەن، تاسیاسەتی رۆژیان بەریوەبچیت. چواردە ساله كوردستان بەرەسمی نەدەولەتەو نەبەشیكە لەدەولەت وخەلكەكەی ژیانی هەلواسراو لەدنیای ئەمرۆدا بەسەردەبەن وبۆ یەك جاریش ئەم حیزبانە بەبیریاندا نەهاتووە، ئەم بارودۆخە بەقازانجی سەربەخۆی كوردستان و دامەزراندنی دەولەتیكی هاوچەرخ، كەشایستەی خەلكی كوردستانبیت بەرنەپیشەوە، لەكاتیكدا زەمینەو فرسەتی لەبار بۆ ئەم كارە هاتۆتەكایەوە. بە پێچەوانەوە ئەوان هەمیشە دژایەتی خەلك و ئەو كەسایەتی ولایەنانەیان كردووە كەداوای خەلكی كوردستانیان بۆ بەرپاكردنی ریفراندۆم و سەربەخۆی هیناوەتە گۆری و هاوكاتیش پرۆپاگەندەی ئەوەیان بلاوكردۆتەوە كە"رێگە چارەی كیشەی كورد هەمیشە لەبەغدایە".

لەمەش زیاتر یەكیتی وپارتی هەمیشە دۆستایەتی خۆیان لەگەل دەسەلاتی مەركەزی دا تێكنەداوە تەنانەت لەوپەری تەسكبوونەوەی پەیوەندی‌یەكانیان لەگەل رژیمی بەعسدا سەرانیان لەژیرەوە "فایلی رەشیان" بۆ رۆژی خۆی دروستكردووە ودەستبەرداری تەواوی صدام و رژیمەكەی نەبوون. كاتیك كە شەری ئەمریكا لەسەر عیراق دەستی پیكرد، ئەم دووحیزبە سەرەاری دۆستایەتی گەرمیان بۆ ئەمریكاو شەرە خویناوی‌یەكەی، بەلام ئامادە نەبوون باس لە"رووخانی رژیمی بەعس" بكەن، چونكە ئەترسان لەوەی صدام نەروخی  و ئەوەی لەپەیوەندی‌یان بەرژیمەوە بەدەستیان هیناوە نەی دۆرینن وخۆ ئەگەر بەعس وصدام بمیننەوە، فرسەتی ئەوەیان هەبی بتوانن لەریزی یەكەم كەس و یەكەم حزبەوە لەسەر كورسی مفاوەزە لەگەلیا دانیشن.

ئیستاش ئەگەر بەدوای رووخانی رژێمی بەعسدا، سەرنج لەكارو كردەوەی هەرئەم حیزبانە بدەین دەبینین كەبەخاتری وەرگرتنی پلەوپایە لەدەسەلاتی داهاتووی عیراقدا لایەنگری خۆیان بۆكوشتاری خەلكی عیراق راگەیاند و بەخەلكیان ووت كە"قازانجی كورد لەكوشتاری ژن و منالان وكاولكردنی شارەكانی بەغداو بەسراو فەلوجە و..دایە". لەمەش خراپتر بەپیچەوانەی هەر پیوانەیەكی ئینسانی وپیشكەوتنخوازی‌یەوە دەستیان خستە نیودەستی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی و ناسیونالیستە عەرەبی‌یەكان و هەموو ئەوسەرۆك عەشیرەتانەی كەتا دۆینی كاسەلیسی رژیمی بەعس بوون و ئەمانەیان وەك"حیزبی هاوپەیمان" "لایەنگرانی دیموكراتی كردنی عیراق" "دوستانمان لەعیراق" بەخەلكی كوردستان ناساند. ئەمكارەشیان لەكاتیكدایە كەكوردستان  بەعەمەلی ماوەی چواردەساله سەربەخۆیەو هیچ سەودا ومعاملەیەكی لەگەل دەسەلاتی مەركەزیدا نەماوە، كەچی یەكیتی وپارتی بەدور لەپرسی خەلكی كوردستان و ئاواتەكانیان خەریكن سیاسەتی گیرانەوەی كوردستان بۆژیر دەسەلاتی حكومەتیكی شۆڤینی عەرەب و ئیسلامی سیاسی دەبەنە پیشەوە

بەلام ئەوەی ئەحزابی ناسیونالیستی كورد لەریگای دابەزاندنی لیستی هاوپەشیان و هەولی پەلكیشكردنی خەلكی كوردستان  بنیو هەلبژاردنەكانی ئیستا دەكەن، شتیكی تازە نی‌یە وچاوگیران بەمیژووی ئەم حیزبانەدا هەر نمونەی ئەوسیاسەتانە دەبینیتەوە كەچۆن ناسیۆنالسیتی كورد ئەوە كاری بوە بۆ گەیشتن بەدەسەلات ووەرگتنی ئیمتیازاتیك هەموو چارەنوس و خواستەكانی خەلكی كوردستان لەسەر میزی ریكەوتن بەدەسەلاتدارانی حكومەتی مەركەزی عیراق بدۆرینی. كاریك كەئەم حیزبانە دەیكەن توماركردنی دژایەتی‌یەكی ئاشكرای ترە لەگەل خەلكی كوردستانداو نابی ئەمجارەیان هەروا تیپەریت. لیرەدا پرسیار ئەوەیە ئیمەی خەلكی كوردستان لەم سیناریۆی هەلبژاردن و ئاكامەكانیدا چی بكەین ودەبی چ رێگا چارەیەك بگرینەبەر؟

بەرلەوەلامی ئەم پرسیارە دەبی ئەوە بۆ هەمووان رۆشنبیت كەسیاسەتی ئەمەریكا بە ئاشكرا دیارە كەبەدوای دامەزراندنی دەسەلاتێكی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی وەعەشیرەتی‌یەوەیە..ئەمریكا هەمیشە ووتویەتی "بەشی زۆری عیراق عەرەبە و شیعەیە دواتر سونی و پاشان كورد وكەمایەتیەكان" وە هەرئیستاش هەموۆئەم قەوم و قەبیلانەی بەریژەی جیاجیا لە دەسەلاتە كاتی‌یەكەی عیراقدا كۆكردۆتەوە. هاوكات بەشی زۆری ئەم دەسەلاتەو سەرۆك كۆمارەكەی(یاوەر) له2004/10/5 دا بەئاشكرا وزۆر بەتوندی هەلویستی فاشستانەی خۆی لەبەرامبەر خواستێكی زۆرینەی خەلكی كوردستان كەخواستی ریفراندۆمە لەكوردستان بۆ (مانەوە یان جیابونەوە) پیشانداو هەرەشەی توندی كردو ئەم مافە سروشتی‌یەی خەلكی كوردستانی بەخیانەت و تاوان دایە قەلەم و تاكیدی لە كوشتاری ئەوانەكرد كەئەم داوایەدەكەن. تەنانەت هەر ئیستا لیژنەی بەریوەبردنی هەلبژاردن بەئاشكرا بانگەشە وپروپەگەندە بۆ دەسەلاتی ئیسلامی و بەریوەچوونی دەستوری ئیسلامی دەكات وئەمە دەبیتە نمونەی دەسەلاتی نۆی بەسەر خەلكی عیراقەوە ولەوانەش خەلكی كوردستان. بەمجۆرە ئەوەی لەئەنجامی هەلبژاردنەكان بۆ خەلك و ئەحزابی دەسەلاتداری وەك یەكیتی وپارتی دەكەویتەوە، دوو بەرژەوەندی و دوو ئاكامی

تەواو پیچەوانەو دژ بەیەکن. بۆ حیزبەکانی یەکیتی وپارتی هەلبژاردنەکان ریگایەکە بۆ گەیاندنی چەند کەسانیك لەسەرانی یەکیتی وپارتی بەکوردسییەکانی پەرلمان و وەرگرتنی پۆستی وەزارەتخانەکانی حکومەتی داهاتووی عیراق و بەمجۆرەش شەریك کردنی سەرانی ئەم حیزبە لەبازارەکانی عیراق و گیرانی سەرمایەو پولیان. بەلام ئەم دەستکەوت وئیمتیاز وەرگرتنەی ئەم حیزبانە بەزیان بۆخەلکی کوردستان و لەدەستدانی، ماف و ئازادییەکانیانە. لەدەستدانی ژیانی ئیستایان و گیرانەوەیان بۆ ژیر سایەی دەسەلات و حکومەتیکی قەومی وئیسلامییە کەتیایدا "خەلکی کورد" هاو ولاتی پلەدوون و ژنانیان بەپیی شەریعەت و یاساکانی ئیسلام ژیانیان لەقالب دەدریتەوە. لەیەك وتەدا خەلکی کوردستان جاریکیتر دەگیردرینەوە بۆ ژیرسایەی ستەمی نەتەوایەتی و پیکدادان و شەری ناوخۆ.. ئەمە ئەو دەستکەوتەیە کە یەکیتی وپارتی بەدیاری بۆخەلکی کوردستانی دەهیننەوە.

خەلکی کوردستان هەم تەجروبەی دەسەلاتی ناسیونالیزمی فاشستی عەرەبیان دیووە، و هەم کارنامەی ئیسلامی سیاسی و شەریعەتەکەیان چەوشتووە، و ئاگاداری نمونەکانی دەولەتانی ئیسلامین لە ئیران و سعودیەو ئەفغانستان ، کەچوون ماف و ئازادی و بژیووی ئینسان لەسایەیاندا بەبچوکترین ئاست مانای تیدانییە. خەلکی کوردستان بەبەشداریکردنیان لەم هەلبژاردنانەداو بەفریوخواردنیان بەسیاسەتی یەکیتی وپارتی، ژیانی خۆیان کۆیلەدەکەنەوە. جاریکیتر لەگەل بەلای ستەمی نەتەوایەتی و ژیردەستەیی و کوشتارو ئیعدام و شەریعەتی ئیسلامی بەرەو روودەبنەوە.

دەورانی سیاسەتی ئیستا لەکوردستان و هەلبژاردنەکان جاریکیتر پیداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قازانج و بەرژەوەندی خەلك و ئەحزبی ناسیونالیستی کورد دوو مەسەلەی جیاوازن و دووریگای پیچەوانەیان لەبەرە. ئەگەر بۆ یەکیتی وپارتی هەلبژارند و هەلخلیسکانەوەی خویانە بۆنیو باوەشی دەولەتی داهاتووی عیراق، کەدەولەتیکی قەومی وعەرەبی وپیرەوئەمریکایی دەبی، ئەوا بۆ خەلکی کوردستان بەرپاکردنی ریفراندۆمیك بۆپرسی جیابوونەوەی کوردستان ئایان نا؟ دەتوانی دەرگای دوارۆژیکی دلخوازبکاتەوە. کەوایە دەبی چی بکری بۆ ئەم کارە؟

ماوەی مانگیك بەدەستەوەیە، هەرچەند ئەم ماوەیە کەمە بەلام میژوو ئەوەی نیشان داوە کە ئەگەر هیزی گەورەی جەماوەری خەلك بەدەوری داوای بەرهەق و ئینسانییەوە و بەئاسۆیەکی سیاسی رۆشنەوە بینە مەیدانەوە دەتوانن لەماوەی چەند رۆژدا ئەو گۆرانکارییانە بکەنە ئەمری واقیع بەسەر هەموو هیزە دژ بەخەلکییەکانەوە، کە سەدەیەکە خەلکی چاوەروانن بۆی. خەلکی کوردستان دەبی لەیەکەم هەنگاودا ریزی خۆیان لەریزی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی وەك یەکیتی وپارتی وسیاسەتە چەوتەکانیان جیابکەنەوە، پاشان دەبی ئەوان بە دەوری داوای بەرپاکردنی ریفراندۆمیك بۆ جیابوونەوە یان مانەوە پیش هەلبژاردن کۆببنەوە و خۆیان ریکخراوبکەن. لەمبارەشەوە، لەهەموو ناوەندەکانی کار وبەریوەبەرایەتییەکان، لەکارگەو زانکۆکان، لەگەرك وشاروشارۆچکە صندۆوقەکانی دەنگدان بۆداوای ریفراندۆم سازبدەن و خەلکی هانبدرین بۆ ئەوەی بزوتنەوەی هاوکاتی دەنگدان بۆ عەلاوی و یاوەرو سیتسانی و تالەبانی وبەرزانییەکان، ئەوانیش صندوقی دەنگدانی سەربەخۆی خۆیان ببیت. لاوان، ژنانی تیکۆشەر و رابەرانی کریکاری، و کەسایەتییەکانی نیو جەماوەری خەلك دەتوانن صندوقەکانی دەنگدان بۆ ریفراندۆم بکەنە بناغەی دامەزراندنی خۆریك خراوکردنی جەماوەری و لەریزی پیشەوەی جۆشدانی بزوتنەوەی داواکاری ریفراندۆم راوەستن و خەلکی بۆ هانبدەن. لەدەرەوەی ولاتیش پیویستە هاوکاتی شارەکانی کوردستان ئەم صندوقانە لەنیوەندی پایتەختی وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو کەنەدا و ئوستralیا وهەمووشارەگەورەکانی ئەم ولاتانە دانری و پرۆسەی دەنگدانی سەربەخۆی خەلکی کوردستان بۆ ریفراندۆم دەست پیبکاو بخرۆشیت. خەلکی کوردستان بۆ ئەم خەباتە تەنها نییە، ئەوان خاوەنی حیزبی کۆمۆنیستی کرکیاری عیراق و کەمپینی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی و دەیان ریکخراوە وکەسایەتی جەماوەرین و هاوکاتیش پشتیوانی گەورەی جیهانی لەخەلکی کوردستان لەگۆردایە.. ئەوەی ماوەو پویستە تەنها نورەی جەماوەری خەلکی کوردستانە کەبریاربدەن.

24/12/2004